# کورد و سەدەی بیست و یەک؟!

گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی سەر گۆی زەوین. یەک لە ڕەنگینترین و پڕسامنترین سەرزەوینی ناوچە و جیهانمان هەیە، کەوتووینەتە دەرەوەی دەسەڵات، سیاسەت و دیپلۆماسی. لە ئابووریی، سەنعەت، تەکنیک و بازاڕی جیهان بێ بەش و دابڕاوین. سەرەڕای هەبوونی زانستگا، کەمترین بەشداریمان لە زانستی جیهاندا هەیە. سەرە ڕای بوونی فەرهەنگ و زمان و هونەری پشتئەستوور بە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵە، کەمترین دەورمان لە هونەر و فەرهەنگی جیهان و ناوچەدا هەیە !

کورد دەیتوانی و دەتوانێ ئاکتۆرێکی هەر کام لەو بوارانە بێ، بەڵام نییە. لە ناو مێشکی مرۆڤی کورد-دا چی هەیە کە کەوتۆتە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، سیاسەت، دیپلۆماسی، زانست، هونەر، فەرهەنگ و ئابوریی ئەم جیهانە؟!

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە هەموو بوارێکدا خۆمان کۆکەینەوە و جێگای ڕاستەقینەی خۆمان مسۆگەر بکەین؟
تاقیکردنەوەی سەد و بیست ساڵ و هەزاران ساڵەی کوت کوت بوونمان، ئەوەی سەلماندووە، کە تاک تاک تێکدەشکێندرێن، گەر لە هەر بوارێکدا کوت کوت بجولێینەوە.

ئێمە پێویستمان بە بیر و هزر و فەلسەفە و سیاسەت و هونەر و ئابووریی و سەنعەت و فەرهەنگ و سەرمایە و دیپلۆماسی و دەزگا هەیە، دەزگای کوردستانی و جیهانی، کە دەور و کەسایەتی یەک نەتەوە دەربخات!

لە هەر ١٣٠ کەس خەڵکی ئەم جیهانە، یەک کەس کوردە. واتە کورد هێزە و دەتوانێ هێز بێ، گەر تێگەیشتنی گرووپی، عەشیرەیی، ناوچەیی، زمانی، دینی، حزبی، شێخایەتی، بنەماڵەیی، ڕێگر نەبێ لە سەر ڕێگای کۆڵۆنی کورد .

کورد دەبوو چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا وەک یۆنانییەکان خۆی دیتبایەوە! دەبوو لە سەدەی ١٥ و ١٦ خۆی ڕزگار کردبا! دەبوو لە سەدەی نۆزدە وەک زۆربەی نەتەوەکانی باڵکان خۆی ڕزگار کردبا! دەبوو لە ئەسنای شەڕی یەکەم خۆی وەک نەتەوە دیتبا و تێکەڵ سیاسەتی جیهانی بووبایە و وەک ئاکتۆرێکی سیاسی خاوەن کیان دەرکەوتبا! دەبوو پاش شەڕی دووهەم خۆی گەیاندبایە ناو دیپلۆماسی جیهان .

بە پێچەوانە کورد لە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا تا ئەمرۆ، نەردیوانی سەرکەوتنی ترک و عەرەب و فارس و ئورووپی و ڕۆژئاواییەکان بووە، دوا پەردەی ئەم نەردیوانبوونە، شەڕ لە گەڵ داعش و بوون بە سپەری بەڵای ناوچەکە و ئورووپا بوو.

کورد لە پاش شەڕی یەکەم ئیتر بە تەنیا لە گەڵ چوار وڵاتی داگیرکەر ڕووبەڕوو نەبووە و وڵاتانی ئورووپا دەوری سەرەکیان لە دابەشبوونی کوردستان و پاراستنی دیکتاتۆرانی ناوچە بووە و دەوریان هەیە. ئەوان پارێزەرانی دیکتاتۆرانی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا بوون و هەن و هەر ئەوان ئەو وڵاتانەیان پڕ چەک کردووە و پاڵپشتی سیاسی و ئابووریی ئەوان بوون و هەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە کورد لە ماوەی سەد و بیست ساڵی ڕابردوو، دیپلۆماسیی ڕوون و ئاشکرای لە ناوچە و جیهان نەبووە و کەوتۆتە دەرەوەی سیاسەتی ڕۆژئاوا.

ئێستاش ئەزموونێکی مەزن ڕووبەڕووی کوردە کە ئەمجارە مەیدانی ئەزموون ڕۆژئاوای کوردستانە. کوردی پەنجا ملیۆنی و زۆرتر، چۆن دەجولێتەوە و بەرنامە و ستراتێژی و دیپلۆماسی چییە؟

ئەمجارە کورد بە تەنیا لە گەڵ تورک و عەرەب و فارس ڕووبەڕوو نییە، لە گەڵ سیاسەتی ئورووپا، ڕۆژئاوا و ناوچە ڕووبەڕووە. لە گەڵ تیرۆریستی ژێربالی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوا رووبوڕووە .

کورد لە بەر ئازموونێکی مەزن دایە ، بە تەنیا هێشتنەوەی ڕۆژئاوای کوردستان، یانی بەتەنیا مانەوەی ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوور .

کورد ئەمرۆ بە یەک سیاسەت، یەک بەرنامە و ستراتێژی، یەک هەڵوێست، یەک نەتەوەبوون و یەک دیپلۆماسی ڕوون دەتوانی خۆی بپارێزێ و سەدەی بیست و یەک بکاتە سەدەی خۆی .

درێژەی تێگەیشتنی ڕابوردوو، درێژەی کارەساتەکان و ژێر دەستە مانەوەیە . هیچ حزب و دەستە وگرووپێک لە هیچ پارچەیەکی کوردستان، بە تەنیا خۆی و بەشێک لە نەتەوەکەی ڕزگاری نابێ. ئەوە تاقیکردنەوە سەرجەم نەتەوەکان بووە و کوردیش هەر ئەو ڕێگایەی لەبەرە.

برایم فەڕشی
٢٥/١/٢٠٢٦

